# بە سوپاسەوە وەفدی سەنتەر کۆمەکەکانتانی گەیاندە دەستی خێزانی ڕەیان لە هەولێر




لە چەند هەفتەی ڕابردوودا سەنتەری منالآن بانگەوازێکی بلآو کردەوە بۆ کۆمەك کردن بە خێزانی ڕەیان، ئەو منالە تەمەن 8 سالەی کە تەرمەکەی بەلەت و پەت کراوی لە گۆڕستانی مەخمور دۆزرایەوە، و سەنتەری منالآن لە کاتی خۆیدا سەردانی مالی ڕەیانی کردوو لەم بارەوە چەندین ڕاگەیاندن و ڕوونکردنەوەی دەرکرد. دوابەدوای ئەم بانگەوازە چەندین خەلکی ئازادیخوازو دۆستی منالآن لە ڕێگەی سەنتەری منالآنەوە کۆمەکیان بە خێزانی ڕەیان کرد.

بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژی 30-08-2007 ، وەفدێکی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالآن ، کەپێك هاتبوو لە ئازاد احمد لێپرسراوی سەنتەر لە عێراق و مامۆستا عمر احمد و بەشدار علی ئەندامانی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالآن لە شاری هەولێر ، چاویان کەوت بە دایك و براو خوشکەکانی ڕەیان.

لەو چاوپێکەوتنەدا وێرای دەربرینی ناڕەحەتی و هاودەردی دووبارەی سەنتەر بۆ دایك و کەس و کاری ڕەیانی 8 سالە ، لە هەمان کاتدا ئامادەیی دووبارەی سەنتەر بۆ کۆمەك و پشتگیری سەنتەر بۆ ئەو خیزانە زولم لێکراوە ، دەربری . لە بەشێکی تری سەردانەکەدا ئەو کۆمەکانەی کە بۆ خێزانی ڕەیان کۆکرابووەوە و لە لایەن کەسانی ئینسان دۆست و ئازادیخواز ولایەنگر لە مافەکانی منالآنەوە کە بڕی 800 $ بوو، لایەن ئازاد احمد تەسلیم بە دایکی ڕەیان کرا. دایکی ڕەیانیش لە ڕێگەی

**وەفدی سەنتەرەوە سوپاس و پێزانینی خۆیانی بۆ سەنتەر و بۆ هەموو ئەو کەسانە نارد کە کۆمەکیان پێ کردوون .**







| ناو | بڕی کۆمەک |
|---|---|
| 1. نەوزاد – هۆڵەندا | 50 دولار |
| 2. محمەد بەرزنجی – سوید | 200 کرۆن |
| 3. لوقمان کەریم – سوید | 400 کرۆن |

4. لە لایەن کۆمەڵێك دۆست و بەسەرپەرشتی بەڕێز کاك فەهد لە نەرویج بڕی 4362 کرۆنی سویدی کۆکراوەتەوە، کە دەکاتە 644 دۆلار.
5. وەك هەمیشە بەڕێز کاك بەختیار جاف بێ بەرامبەر پارەکەی بۆ حەواڵە کردین بۆ هەولێر و خۆشی نزیکەی 15دۆلاری خستە سەری.

**وێڕای دەست خۆشی و سوپاسی دووبارەمان بۆ هاوکاریتان، دەتوانن بەم ژمارەانەی لای خوارەوە پەیوەندی بە خێزانی ڕەیانەوە بکەن، ژمارە تەلەفۆنی دایکی ڕەیان 009647507474098 ژمارە تەلەفۆنی محمد برای ڕەیان 009647504665686**


**سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالآن**

009647701533432

0046735715449

santarimnalan@yahoo.com

www.santarimnalan.com